السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# وازیان لێبێنە؛ چونکە من بە دەستنوێژەوە لە پێم کردوون

له موغیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر بووم -صلى الله عليه وسلم- لەسەفەرێکدا، چووم بۆ ئەوەی خوفەکەی دابنێم، فەرمووی: «وازیان لێبێنە؛ چونکە من بە دەستنوێژەوە لە پێم کردوون»، ومەسحی لەسەریان کرد.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەیەكێك لە سەفەرەكانیدا ؛ دەستنوێژی گرت، كاتێك گەیشتە شۆردنی پێیەكانی ؛ موغیرەی كوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- دەستەكانی درێژكرد بۆئەوەی خوفەكان لەپێی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابكەنێت، وئەویش پێی بشوات. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازیان لێبهێنە ودایان مەكەنە، چونكە من بە دەستنوێژەوە خوفەكانم لە پێ كردووە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەسحی كرد لەسەر خوفەكانی لەجێی شۆردنی پێیەكانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3014

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee